# نەخشەی كوردستان!

**كەمال جەمال موختار**

دەكرێ نووسەرێک بۆ ڕازاندنەوە و تیشکخستنە سەر بابەتی نووسینەکەی، هانا بەرێتە بەر وێنە، نەخشە، یان ئامرازی ڕوونکردنەوەیەک، تا زیاتر مەبەستی باسەکەی پێ بپێکێت. ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە ئەو نووسینانەن نووسەرێکی کورد نەخشەی کوردستان لەگەڵ باسەکەیدا تێهەڵکێش دەکات. نەخشەیەکی شێواوی دیمۆگرافی و سیاسی و ئیداری کوردستان، تا ئەوە بگەیەنێت گوایە کوردستان بریتییە لەم نەخشەیەی ئەم ئیستا خستوویتە ڕوو، کوردیش لەم شوێنەدا هەیە.

من لێرەدا نامەوێ بەو چەند دێرەی سەرەوە مەبەستێکی خراپ یان گومانێک بخەمە سەر ئەو نووسەرانە، بەتایبەتی زۆربەیان کەسانی دڵسۆزن و جێی ڕێز و ستایشلێکردنن. لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم ئەگەر بە دووربینی لەو نەخشانە بڕوانین دەزانین چ ناتەواوییەکیان تێدا هەن، کە کەسانی شارەزا و پسپۆری ئەو بوارەوە نەیان کێشاون ،تا لە ڕووی زانستیی و مێژووییەوە متمانەیان پێبکرێت و، وەک سەرچاوە بۆ باس و لێکۆڵینەوە بەکار بهێنرێن. بەڵکو دەست و مەبەستێکی سیاسی لە ژووریانەوە هەیە.

زۆربەی ئەو نەخشانە: کە کەمایەتییەکی وەک (عەرەب)، (تورک) و (فارس) لە شار و شوێنەکانی کوردستاندا هەن، یان ئەوانەی لە کوردپاکتاو دەکرێنەوە،بە کوردستان دانەنراون، دیسان بۆ نمونە ئەو ناوچانەی کوردی (یەزیدی) و (لوڕی) و گرووپی کوردی دیکەی تێدان، داگیرکەران بە کوردیان دانەناون، بۆیە لە ناو نەخشەی کوردستاندا خراونەتە دەرێ، بە داخەوە لە لایەن خۆشمانەوە، ئەو نەخشانە دەخرێنە ڕوو، وەک ڕاستییەک نیشان دەدرێن.

کورد لەبەر ئەوەی دەسەڵاتێکی سیاسی و دەوڵەتێکی سەربەخۆی نییە، بەبێ شارەزاییەکی تەواو و گەڕانەوە بۆ مێژووی دێرینەمان، ئێمە ناتوانین نەخشەیەکی سیاسی کوردستان، یان کڵێشەی نەخشەیەکی ڕاست و دروستی کوردستان، هەتا ژمارەی دانیشتوانی بکێشین، ئەوەی دەکرێت و کراوە تەنها بە پلان و سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان ڕازێنراونەتەوە.

پێش ماوەیەک برادەرێک دای بەگوێمدا: ئەو نەخشە نوێیانەی کوردستان کە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەکەونە بەرچاو هەموو میتی تورکی و موخابەراتی سوری ئاگادارییانە، لە ژێر چاودێری و بە پلانی ئەوان بڵاودەکرێنەوە. ئەم قسەیە تا چەندێک ڕاستە، ئەوە شایانی بەدوواداگەڕان و لێکۆڵینەوەن، بەڵام هەر کارێکی دزێوی وا کە بە خراپە و بۆ شێواندنی مێژوو،دیمۆگرافیای خاک و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییمان بکرێت، ناشێ دەستی ناحەزێکی تێدا نەبێت.

دوژمنان و داگیرکەران هێندە کوردستانیان تەسک کردۆتەوە، بە جۆرێک ئەمڕۆ نە (موسڵ، کەرکوک، خانەقین، کرمانشان، ورمێ، قامیشلۆ، ئەسکەندەرونە و شوێنی دیکەش لە ناو نەخشەی کوردستاندا سڕاونەتەوە و نەماون.

ئەو نەخشانەی ئەمڕۆ لە سایتەکاندا دەکەونە بەرچاو، هەر وەک پەڕۆ زەرد و کەسکەکەی پارتی و یەکێتین، تەنها دڵی داگیرکەر و دوژمنانی کوردیان پێخۆش دەکرێن.

**************

لە زۆر بۆنەدا ئالایەکی گەشاوەی کوردستانم بینیبایە،موچرک سەرتاپای گیانمی دەگرتەوە، دلّم پێی خۆش دەبوو.

ئەمرۆ هەموو ئەوانەم لە لام بۆنەتە گۆمانێکی گەورە، گومانیش بۆتە مەرج. وەک دوێنی تەنها بە بینینی ئالای کوردستان موچرکم پێدا نایەت. هەر ئالایەک ببینم ئەمرۆ تەزوویەک سەرتاپای گیانم دەگرێتەوە، دیمەنی ئەو زیلە عێراقیەم دێتە بەرچاو کە سەربازە عەرەبەکان ئاوەلّکراسی ژنێکی ئەنفالکراویان پێدادەکرد و هاواریان دەکرد ئەوە ئالاکەتانە.

من وەک ناسنامەیەکی کوردی گۆمانم لە ئالای کوردستان نییە، گرنگ نییە ئالاکەمان چ ڕەنگێک بنوێنێت، من گومانم لەو کەسانەیە کە بە کوردی دەدوێن و ئالای کوردستانیان هەلّکردووە و شەفاعەت بۆ ئەنفالچییەکان دەکەن.

بۆیە دەلّێم مەرجە بزانم کێ ئەو ئالایەی هەلّگرتووە و چ مەبەستێکی هەیە. من دەمەوێت دەستێکی پیرۆز ئالاکەم بەرز ڕاگرێت، ئەو دەستە پیرۆزانە لە ناو پارتە کوردییەکاندا نین. ئەمرۆ هاوبەشی خۆپیشاندانێک ناکەم ئەگەر بزانم پارتە دەسەلاتدارەکانی کوردستان و حیزبێکی گومانلێکراوی دیکەی کوردی ڕێکی دەخەن، با ئەوان بە ئالای گەشاوەی کوردستانیشەوە خۆیان بنوێنن و نەخشەی کوردستانیش بە یەخەیاندا بکەن. لای من ئەوانە ڕەشن و تازە نابنە ڕەنگێکی دیکە.

هەر وەک کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی و ئێرانیش کە لە زۆر بۆنەدا داوای (ئازادی) و (ڕزگاری بۆ کورد) و (سەربەخۆیی کوردستان) دەکەن، دلّم بەو بانگەوازەیان خۆش نییە، ئافەرینیان ناکەم. ئەوان دژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد کار دەکەن و، هەر بیرێکی کوردی لای ئەوان بۆنێکی نەتەوەیی لێبێت و بۆ سەرفرازی کورد خێرێکی تێدا بێت، پێی دەمارگیردەبن و خراپتر لە پارس و عەرەب و تورک، بە ناوناتۆرەی (ناسیۆنالست)ەوە بەرەنگاری دەبنەوە. ئەوان لە کاتێکدا مۆرکی عێراقییان لە خۆیان داوە، چون دەتوانن سەربەخۆیی و ڕزگاری بۆ کوردستان داوا بکەن و ئەو عێراقە پیرۆزە دروستکراوەی دەستی ئینگلیز هەلّوەشێننەوە؟

لە زۆربەی دنیادا، پاش ڕمانی بلۆکی ڕۆژهەلات و دەولّەتی سۆڤیەت، ڕەواجی شیوعی و کۆمۆنیستەکان نەما، ئەمرۆ زۆر لە کۆنە شیوعیە کوردەکان، زیاتر نەتەوەییانە بیردەکەنەوە، کەچی پاش تێکشاندن و ڕماندنی ئەو بلۆکە، تازە لە کوردستاندا کۆمۆنیستە کرێکارییە نوێخوازەکان لە برەودان!

ئەوە ڕێکەوت نییە،دەیان حیزب و پارتی کۆمۆنیستی دیکە لە کوردستاندا (دروست نەبوون)، بەلام دروستکران. ئەم کارە جێی گومانە، بە تایبەتی کابرایەکی ناسیۆنالستی فارسی وەک (مەنسووری حیکمەتی)، بۆ دەبێت بەجارێک سەرکردایەتی دوو حیزبی کۆمۆنیستی کوردی پێبسپێردرێت و تاکە ئەندامێکی فارس و عەرەبی تێدا نەبن؟ یان مەبەست تەنها ئەوەیە کە بە کوردەکە خۆی،خەون و خواستی نەتەوەییمان تێکبشکێنرێت!

بۆ نەخشەی کوردستانیش گومانێکی گەورەم هەیە، دەلّێم دەستێکی پیرۆز نەیکێشاوە. بەلام گومانم لەوەدا نییە بلّێم: کەسانی دلّسۆز و پسپۆڕ و شارەزای کورد لە دوای ئەو نەخشانەوە نین. جێی سەرنجراکێشانە،لە کاتی بلاوکردنەوەی هەوالّێکدا کەنالّی جەزیرەی شۆڤێنیستی عەرەبیش، نەخشەیەکی نوێی کوردستانی نیشاندا، وەک قەراغە کولێرە تەنها سنووری ڕۆژهەلاتی سەرەوەی عێراقی بە کوردستان چواندبوو. حیزبە دەسەلاتدارەکانی کوردیش کە زاراوەی (هەرێمی کوردستان)یان بۆ خستوینەتە ناو فەرهەنگی سیاسی و جوگرافیای کوردییەوە، بەم کارەیان

کوردستانیان هێندەی دیکە بچوک کردۆتەوە، ئەمڕۆ لە زۆربەی شوێنکار و دائیرەکانی خۆیاندا، بە ناوی (کوردستان)ەوە نەخشەی ناوچە ژێر دەسەڵاتدارەکانی خۆیانیان بە ناوی نەخشەی کوردستانەوە هەڵواسیوە.

ئێمەی کورد چونکە لە ساویلکەیمانەوە وەک مەڕ حیزبە سیاسییەکان لێمان دەخورن و ملکەچی هەموو فەرمانێکیان بووین، چاوپۆشیشمان لە خیانەت و براکوژی و ناتەواوییەکانیان کردووە، بە دوای خۆماندا کەلتورێکی سەقەت و سەرلێشێواومان کێشکردووە و نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردیش لە بەر هەر هۆیەک بێت، بێسەلیقەییانە هەڵە بە دوای یەکدا دەکەن و تا ئیستاش کەم نووسەر و ڕۆشنبیر هەن خۆیان ساغ کردبێتەوە، بۆ خۆشیان نازانن لە بەرەی کورد و میللەتن یان لە بەرەی حیزبەکان!.

ئەوەی لێرەدا ماوە بیڵێم: لە دایکبوون و دروستبوونی سایتی کوردیش وەک حیزبە فرەکانی کوردستان هێندە سەریەشە و سەرلێشێوای دیکەی بۆ دروستکردووین، ڕەنگدانەوەکەیان لە پاشەڕۆژدا دەردەکەون، بە تایبەتی لە ڕێگای ئەو سایتانەوە کەسانێکی لێنەهاتوو و نەشارەزا و بێ مەسئولیەت کاری ڕۆژنامەگەریتی دەکەن و خۆیان خستۆتە ژێر باری بەڕێوەبردنی سایتێکەوە.

دنیای ئینتەرنێتی ئەمڕۆی کوردیش شاگەردانییە.

**کەمال جەمال موختار**
**کوردستانپۆست**
2003 / 4 / 18